# ڕێکەوت و هەل و یاری چارەنووس!

نزار جاف
nezarjaff@gmail.com

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شارەکانی دهۆک و ئاکرێ و زاخۆ و شەقلاوە، کە لە میانەیدا هێرش برایە سەر ژمارەیەک لە بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی و، ژمارەیەک لە ئەندامانی بریندداربوون و، نزیکەی چوار کەسیش کوژران، هەرچییەک بێت پاساوەکەی و، بە کام ئاقار و مەبەستەدا ببرێت، کارێکی ناشارستانی و، دوورە لە هەموو داب و نەریتێکی ڕەسەنی مرۆیی بە گشتی و، کوردەواری بەتایبەتی. من بۆ خۆم یەکێکم لەو کەسانەی دژی ئیسلامی سیاسیم و، هەمیشە پرەنسیپەکانی ئەو ڕێبازەم بە گومانەوە تەماشا کردووە و، جۆرە دژایەتییەکم لە نێوانیان و نێوان ڕێبازی کوردایەتیم بەدیکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، باوەڕم بەوە نەبووە و نابێت کە بە هۆی هەڵوێستیکی سیاسی تەماوی یەکگرتووی ئیسلامی ئیدی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە هێرش ببرێتەسەری و، سانسۆر بخرێتە سەر چالاکییەکانی. گەلی کورد بە درێژایی خەباتی بێ وچانی لەپێناو ئەم ڕۆژەی ئێستا، هەوڵی ئەوەی داوە کە بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێت کە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و باوەڕی بێ سنووری بە دیموکراتییەت هەیە و، هەمیشە دژی سیاسەتی سەرکوتکردن و سەپاندنی بیروبۆچوون بە زۆرە ملێ بووە. هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان، نابێت لە ڕووانگە تەسکی حزبایەتییەوە تەماشای واقیعی سیاسی ئەمڕۆ بکەن و، شار و شارۆچکەکان لەسەر بنەمای هەواداری حزبایەتییەوە دابەش بکەن، بەڵکو دەبێت ڕێبازێکی یەکجار دوور لەو شێوازە چەوتەی کە لە ڕاستیدا پاشماوەی ڕژێمی دیکتاتۆرییە بگرنەبەر. هێزە سیاسییە نەتەوە و دیموکراتخوازەکان دەبێت ئەوە ڕچاوبکەن، کە ئەندامانی یەکگرتوو ئیسلامی کوردن و، مافی ئەوەیان هەیە هەڵگری کام بیروباوەڕە بن کە دەیخوازن و، کاتێکیش جۆرە دژایەتییەکیش لە نێوان ئەوان و، ئامانجە نیشتمانییەکانی نەتەوەی کورددا دێتە ئاراوە، ئەوا پێویستە لە ڕێگەی دان و ستان و لە چوارچێوەیەکی یاسایی شارستانیدا چارەسەربکرێت نەک بە ڕەمەکی و گەڕەلاوژێی وەک ئەوەی کە لەو شارانەدا ڕوویدا. ڕاستە، هەڵویستی ئەم دواییەی یەکگرتووی ئیسلامی بە جیابوونەووە لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە چەندین ئاراستەی جۆراوجۆر دەخوێندرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە خراپترین جۆریش بخوێندرێتەوە، ئەوا هەر پاساو نادات بە هیچ کەس و لایەنێک کە سیاسەتی سەرکوتکردن و بارەگا سووتاندن بگرنەبەر و، ڕەفتاری فاشیستی و گشتگیری لە کوردستانی ئازاددا بهێننەئاراوە. بەڵام لێرەشدا، دەبێت برایانی یەکگتووی ئیسلامی ئەوەش بزانن کە ئەو هێرشەی برایە سەریان ئەگەرچی لە ناوچەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە، بەڵام دەبێت دانیش بەوەدا بنێن کە لە قەوارە"حزبییەکە"چووە دەرەوە و، ئاراستەیەکی جەماوەری گرتەخۆی! ئەمەش ڕاستییەکە و زۆر لەو برا ڕۆشنبیر و بێلایەنانەی کە لەو شارانەدابوون گەواهی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن. هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە بێزارییەوە ڕەخنە لە پارتی دەگرین چونکە ئەو ڕووداوە لەژێر

سایەی دەسەڵاتی ئەودا روویداوە و، بە رێزەوە تەماشای هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو رووداوە، ئەوا دەبێت لە هەمان کاتیشدا برایانی یەکگرتووی ئیسلامی رێز لەو کەشە نەتوایەتییەی کوردستان بگرن و، زۆر بە وریایی هەنگاوێکی سیاسی بنێن کە بە ئاراستەی جیاواز شیدەکرێتەوە و، ئەو راپۆرتانەی کە باس لە جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە لیستی هاوپەیمانییەتی کوردستان لەسەر بنچینەی"ئامۆژگاری"چەند"پارتێکی ئیسلامی"لە دەرەوەی کوردستان"، شەقامی کوردی زۆر بێزارکردووە و، بە پەرۆشەوە دەڕوانیتە ئاسۆکانی داهاتووی، هەر بۆیە ئەرکی سەر شانی یەکگرتووی ئیسلامییە کە ئەم بابەتە بۆ گەلی کوردستان روون بکاتەوە و، تەمی گومان بە خۆری راستی بڕەوێنیتەوە. یەکگرتووی ئیسلامی مافی خۆیەتی وەک باڵێکی سیاسی کوردستانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگای کوردستانیدا هەر هەنگاوێک بنێت، بەڵام دەبێت هەرگیز چاوی لەو راستییەش غافڵ نەکات کە هێڵی سوور لە هەموو وڵاتێکی سەر گۆی زەوی هەیە و، کوردستانیش هێڵەکانی بۆ هەموو کەس و لایەنێک ئاشکرایە!

---

تێبینی: ئەم بابەتە سەرەتا لە گۆشەی"نیگای کورد"لە سایتیPukonlineدا، بڵاوکرایەوە.